ئەوەی هیوات خواست پێت دەبەخشرێت وهێندەی تری ئەوەیش لەگەڵیدا

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کەمترین پلەی یەکێکتان لە بەهەشتدا، ئەوەیە کە پێی دەفەرموووێت: «هیوا بخوازە»، ئەویش هەر هیوا دەخوازێت وهیوا دەخوازێت (چەند جارێک)، پاشان پێی دەفەرموێت: «ئایا هیوات خواست؟»، دەڵێت: بەڵێ، پێی دەفەرموێت: «ئەوەی هیوات خواست پێت دەبەخشرێت وهێندەی تری ئەوەیش لەگەڵیدا».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە نزمترین وکەمترین پلە لە بەهەشتدا بۆ کەسێکە کە پێی دەووترێت: هیوا بخوازە، ئەویش هیوا دەخوازێت، وهەموو ئاوات وئارەزوویەکی باسدەکات، پاشان پێی دەووترێت: ئایا هیوات خواست؟ دەڵێت: بەڵێ، پێی دەووترێت: ئەوەی هیوات پێ خواست پێت دەبەخشرێت وهاوشێوەی ئەوەیش لەگەڵیدا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8342